# رۆژە ناسکەکان
# ئەوگەمانەی ئێستا بۆم نادۆزرێنەوە

سەلام عومەر

بەناو منالًیما هاتم

چەند کەلاشوشەیەکی لوس و

هەندێ بەردی دارلاستیکو

کۆمەڵێ گەمانم دیتەوە،

بەوێدا....

بەناو ڕۆژە ناسکەکانی

تەمەنی بێ خەتاما ڕەتبووم

هەندێ قەوانی زەردو لووس

لەباخەڵما زرینگەیان دەهات،

نەعنا ڕەنگاو ڕەنگەکان و

ئەو فرمێسکانەم دیتەوە،

کەقەت لەوەرین ناکەون

گەڕامەوە ئەو ڕۆژانەی

لەقەرا قەرا یەنی شەوان و

لەڕووبارەکان دەترسام،

لەبەردی لووس وشەپۆل و

تەڕبوونی جەستەم دەترسام

دەخلیسکام و.....

نازانم بۆنەدەخنکام !

ڕۆژانێك بوو....

منی بردە ئەوتەمەنەی

**دەنگم گۆڕا**

**تەمەنێك بەخۆشەویستیداهات و**

**بەدروشمی سەردیوارەکاندا رەتبوو**

**بەرابوون و....**

**خۆشاردنەوەی راستە قینە**

**بەکۆتا هات.**

**تەمەنێك....**

**هەر لەدراماو خەون دەچوو،**

**بۆ یەکەم جار...**

**پەنجەم بەپەنجەی کچێ کەوت،**

**بۆ یەکەم جار....**

**گوللەی بێ قەوانم وێکەوت**

**بەڕۆژ نامەم دەگۆڕیەوەو...**

**بەشەو لەکۆڵانی تاریك**

**کۆڵانێکی.....**

**بێ منداڵ و**

**بێ گەمان و**

**بێ هیچ دەنگێ**

**ئەو دروشمانەم دەنووسی**

**کە ئەوسا نەمدەزانی چین ؟**

**ئێستاش هەروا دەیجومەوەو**

**لە هەندێکیان بەگومانم!**

**تەمەنێك بوو...**

**پێکهاتە لەترس ورامان**

ئاوێتە لەخۆشەویستی و...

تەنێ...

لەخۆشاردنەوەو راونان،

تەمەنێك....

ئەمڕۆی لەهەناسەما رواند

ئێستایەکی گەڵێ جیاواز

لەڕابردوویەکی بەجێماو

ئەوسا لەخۆشەویستی کچێکا

وەکو بەفر دەتوامەوە..

لەخۆشەویستی خاکێکا..

نازانم بۆ نەدەکوژرام؟

کەچی ناوێرم باسیان کەم

ناناوێرم

تۆزێك بەوێدا بچمەوە

لەوێی ناسکو بەترس

پڕ لەوگەمانە شێتانەی...

لەلای منداڵکانم سەیرن!

لای من قەوان وکەلا بوو

لای ئەوان ئێستا ئەتارین،

تەمەنێك...

وەك حیکایەتی ئەو شەوانەن

ئێستا پێی دەڵێن ئەفسانە،

وەك ئەو شەوە تاریکانەی

ئێستا پێی دەڵێن ئازادی

**ئاخ تەمەنێك....**

**زۆر بەخێرایی تێ پەڕی**

**ئاخ سالانێك .....**

**هەر لەخۆیانەوە هەلوەرین .**